# چەندکورتەسەرنجێك سەبارەت بەیاساکانی دەوڵەت وئازادی کۆمەڵایەتی .

سەرجەم یاساکانی دەوڵەت وکۆمەڵایەتی لەسەسەرتاسەری دونیادا دەست کردوبەرهەمی ململانی مێژوویی مرۆڤ خۆیەتی ، هەرلەسەردەمی کۆیلایەتی یەوە بگرە تادەگاتەگەشەکردنی سیستمی ئابوری سیاسی وکۆمەلایەتی سەردەمی سەرمایەداری ،هەمیشە تیرەوتائیفەوهێزەدەسەڵاتدارەکان بەپێی سەردەم وبەشێوەی جۆراوجۆر ولەبەرژەوەندی دەسەلاتی خۆیان کۆمەڵێك یاسایان بەسەرکۆمەلانی خەڵكدا سەپاندوە ، هەرکەسێکیش لەم یاسایانەهەڵگەڕابێتەوە بەمەرگ وزیندانی مەحکوم کراوە ، بۆچەسپاندن وداسەپاندنی ئەودەسەڵات ویاسایانەبەزەبری زۆر بەسەرجەماوەری بەرفراوانی خەڵكدا بەندیخانەو وهێزی چەکداروچەندین دەزگای جاسوسی وئۆرگانی سەرکوت کەرانەیان بەکارهێناوە ، بەم شێوەیەدەوڵەت وەسیلەبەدەستی چینێکی دیاری کراولەکۆمەڵگادابۆداسەپاندنی دەسەڵات .

لەیاساسروشتیەکانیشدا تەنهاهەر هێزودەسەڵات ڕۆڵی سەرەکی خۆی دەگێڕێت ، لەیاساکانی فەلەك وگەردونیشدالەدوای ئەوەکەزەوی وڕۆژ ومانگ وئەستێرەکان لێکدابڕاون ، هێزی کێشی ڕۆژ سەرجەم زەوی وپێکهاتەکانی تری ناوەوە و دەرەوەی فەزای ئاسمانی بەدەوری خۆیدا دەخولێنێتەوە .
لەیاساکانی زیندەوەرناسیشدا ، هەمیشەسروشت وژینگەجۆراوجۆرەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبوەلەسەرئاژەڵەکان ، بیردۆزو زیندەوەرناسی ناودار [ داروین ] لەیاسای ململانەلەپێناومانەوەو خۆگونجاندندالەگەڵ ژینگە ، باس لەململانەی خودی ئاژەڵەکان دەکات وئەڵێت ، ئەوئاژەڵەنەی کەبەتواناودەسەڵاتدارن ئاژەڵەلاوازەکان ڕاو دەنێن ولە لەوەڕگاخۆشەکان دوریان دەخەنەوە ولەئەنجامی ئەم ململانەیەدالاسەنگی وناعەدالەتی لەنێوان ئاژەڵەلاوازو بەهێزەکاندا دروست ئەبێت ، هەروەهابەمەبەستی لێدانی تیرەوتانەلەدەسەلاتی زۆردارانەو سەبارەت بەیاسای دارستان وحەیوانات تائێستاچەندین چیرۆك وئەفسانەنوسراوەتەوە ، هەروەها داروین باس لە خۆگونجاندنی ئاژەڵی زەڕافە دەکات ودەڵێت زەڕافەلەبەرئەوەی بالآی بەرزە وبەئاسانی ناتوانێت لەزەوی خواردن هەڵ بگرێتەوە بۆیەلەگەڵ تێپەڕبونی کاتدا ملی درێژبوە بۆئەوەی بتوانێت گەلآی داربخوات ، هەروەهائاژەڵی فیل یش هەربەوڕێگایەتەکاملی کردوەو بەهۆی درێژبونی لوتیەوە ئەتوانێت خواردن لەزەوی هەڵ بگرێتەوە .
لەم سەردەمەشدا ململانەی نێوان چین وتوێژەکانی کۆمـەڵگا بۆگەیشتن بەدەسەڵات هەمان ماناوناوەرۆکی سیستمی قۆناغەکانی ڕابوردوی هەیە بەلام بەشکڵ وشێوەیەی ئەحزابی جۆراوجۆر ، تائێستاش لەسەرتاسەری دنیادا دەسەڵات ویاساکان هەرلەدەست کەمایەتی یەکی کەمی کۆمەڵگا دایە وبەڕێوەبردنی دەوڵەت ودانانی یاساکانیش هەرلەبەرژەوەندی کەمایەتی یەکی بچوکی کۆمەڵ دایە .
چیـــنەدەسەڵاتدارەکان لەسەردەمی سیستمی سەرمایەداری ئەمڕۆدا دەوڵەت وئەحزابی جۆراوجۆریان پێکهێناوە بۆداسەپاندنی ئەودەسەڵاتەوهەروەهابەمەبەستی شەرعیەت دان بەدەسەڵاتی خۆیان وە بۆناچارکردن ومل پێدانی کۆمەڵگا ، کۆمەڵەیاسایەکـــیان تەرح کردوەو داناوە ، شێوەوناوەرۆکی یاساکانیش لەوڵاتێکەوەبۆوڵاتێکی تر بەپێی ڕاددەی پێشکەوتنـــیان جیاوازە ، بۆنمونە لەهەندێ وڵات سیستمی بەڕێوەبردنی ئیدارەی کۆمەڵگا پاشایەتی یە ، لەهەندێ ولاتی تردا دەسەڵاتێك هەیەکەپێی دەڵێن کۆماری [جمهوریەت ]، لەناوئەوجۆرەسیستمانەشدادەسەڵات ویاســـای جۆراوجۆرهەیە ، لەوڵاتەپێشکەوتوەکاندا تاڕادەیەك سزای کوشتن ولەسێدارەدان نەماوە بەلام لەوڵاتەدواکەوتوەکاندائەم سزایەبەسەرنەیارانی سیاسیدائەسەپێندرێت ، کەواتە یاســـادەقێکی نەگۆڕوپیرۆز وئەزەلی نیەوبەپێی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژ قابیلی ئاڵوگۆڕە ، دەسەڵاتی دەوڵەتیش تەنانەت لەوڵاتەپێشکەوتوەکانیشدا لەدەستی بەشێکی بچوکی کۆمەڵ دایەولەنێوان ئەحزابی تەبەقاتی کۆمەڵگادا ئەم دەست وئەودەست ئەکات وزوربەی هەرەزۆری جەماوەری بەرفراوانی خەڵك لەودەسەڵاتەبێ بەشن وتەنهامافی دەگدانیان هەیە .
ئەوسیستمەی کەپێی دەڵـــێن سیستمی دیموکراسی ، تائێستا شیاوترین سیستمی هاوچەرخی کۆمەڵگایە ، ئەم سیستمە ئاڵترناتیڤی کودە تای سەربازیەبۆگۆڕینی دەسەڵات لەنێوان ئەحزابی تەبەقاتی کۆمەڵگادا ، بەلام لەم سیستمەنوێ یەشدا لەکاتی هەڵبژاردنەکاندابۆئاڵوگۆڕی

دەسەڵات تەنهالەڕێگای لیستی حیزبەکانەوە ململانەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەچێتەپێشەوە وبەم شێوەیەدەسەڵات لەنێوان حیزبەکاندائاڵوگۆڕئەکرێت وبەشی هەرەزۆری جەماوەری خەڵك ئەندامی حیزب نیەولەخێروبێری دەسەڵاتی ئەوئاڵوگۆڕانەبێ بەشە ، تەنانەت لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەوانیەکانیشدانوێنەرانی حیزبەکان بۆئەوپۆستانە کاندیدئەکرین وجەماوەری خەڵك تەنهائەتوانن نوێنەری حیزبەکان هەڵبژێن ، بەم شێوەیەکەلێن ودابڕانێکی زۆرهەیەلەنێوان دەوڵەت وتاکەکانی کۆمەڵدا .

لەسیستمی سوســـیالیـــستی دا بەپێی بیروبۆچونەکانی مارکسیـــزم بەهۆی لەناوبردنی خاوەندارێتی تاییەتی وئازادکردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان ، دنیایەکی بێ چین وچەوسانەوەدادەمەزرێت و ململانەی چینایەتی کۆمەڵگالەناودەچێت و نامێنێت ویەکسانی و عەدالەتی کۆمەلآیەتی جێگەی دەگرێتەوە ، هەروەهابەپێی فەلسەفەوتیئۆری مارکسیـــزم هەتادەوڵەت ویاسابمێنێت چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوەهەردەمێنێت .

درووشمی ئازادی ، داخوازی تاکەکانی کۆمەڵە ، کاتێك تاکەکانی کۆمەڵ هەست بەنابەرابەری ونایەکسانی کۆمەلآیەتی خۆیان ئەکەن بەکۆمەڵ دێنەمەیدان وداوای ئازادی وسەربەستی ئەکەن ، هەڵوێستی دەوڵەت لەبەرامبەرئەم داخوازیەوخۆپیشاندانی بەرفراوانی خەڵکدا دیسان لەوڵاتێکەوە بۆوڵاتێکی تربەپێی ڕاددەی پێشکەوتن وگەشەکردنی شارستانیانەجیاوازە ، ئەگەرلەهەندێ لەوڵاتانی پێشکەوتودا تاڕادەیەك مافی دەربڕینی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندان وەك سەرەتایترین مافەکانی مرۆڤ قبوڵ بکەن ئەوالەزۆروڵات خۆپیشاندان هەرلەبنەڕەتەوەقەدەغەیەوخۆپیشاندەران بەدەرچولەیاساوگێرەشێوێن وتێکدەرمەحکومن وڕاپێچی زیندانەکان دەکرێن .

ئەبوبکرئەحمەد سلێمان

2005-3-7 هۆڵندا